# دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی ئەشکەنجەی منداڵێک وەزارەتی تەندروستی هاتە دەنگ

وەزارەتی تەندروستی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆیەک هاتە دەنگ.

وەزارەتی تەندروستی لە سەر بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆیەک کە تێیدا مافی منداڵێکی تازە لە دایکبوو لە یەکێك لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان پێشیل دەکرێت، بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە دەکات، تیمەکانی پشکنین و بەدواداچوون هادەسپێردرێت بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر نەخۆشخانەکە و ئەو کەسانەی ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن.

لە ڤیدیۆکەدا کە ڕۆژی شەممەی رابردوو بڵاوکرایە، دوو ئافرەتی پەرستار لە یەکێک لە نەخۆشخانە تایبەتەکانی شاری هەولێر دەرکەوتن کە ئەشکەنجەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو دەکەن، ئەمەش بووە هۆی تووڕەیی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و داوای لێپێچینەوەیان کرد.